Sydkurdiska

# باخچەی منداڵان بۆ منداڵەکەی تۆیە

## ناميلكەيەك لە بارەی پلانی خوێندنی باخچەی منداڵانەوە



Skolverket

باخچەی منداڵان بۆ منداڵەکەی تۆیە
سکولڤارکێت Skolverket، چاپێکی دووبارە سەیرکراو 2007

دەتوانرێت ئەم نامیلکەیە بەم ئەدرێسەی
خوارەوە دەستوور بدرێت:
Fritzes kundservice
Stockholm 47 106
tel: 08-690 95 76
fax: 08- 690 95 50
e-post: skolverket@fritzes.se
ژمارەی دەستووردان: 07:987
فۆرمی گرافیك: Mera text & form
وێنەکان: Hans Alm/22tango
وەرگێڕان و بەرهەمی ڕەسەن: Ord & Stil AB
چاپ: Lenanders Grafiska 2007



## تۆ گرینگیت

تۆ وەکوو دایکوباوك نێزیکترین کەسیت لە منداڵەکەی خۆت. لەبەرئەوە بۆچوونەکانت لە باخچەی منداڵان گرینگن. ئەگەر باسی بکەیت چۆن بیر دەکەیتەوە ئەوا بۆ کارمەندەکان هاسانتر دەبێت کە دروست ئەوە بە منداڵەکەت بدەن کە پێویستیەتی.

بۆ ئەوەی بتوانیت لەگەڵدا بیت و کارتێ بکەیت پێویستت بەوە هەیە بزانیت کە چۆن بیرکراوەتەوە باخچەی منداڵان کار بکات.

# ڕووەو هەمان ئامانج

حوکمەت و پەرلەمان پلانێکی خوێندنیان داناوە، لەوێدا لەسەر بناخەنرخی (värdegrund) باخچەی منداڵان نووسراوە و ئەوەشی تێدایە کە ئامانج و ئەرکی باخچەی منداڵان کامەیە. لە ڕێگای خوێندنەوەی پلانی خوێندنەوە، Lpfö 98، دەتوانیت بزانیت کە تۆ وەك دایکوباوك چ جۆرە چاوەڕوانی و داوایەکت لەسەر باخچەی منداڵان هەبێت.

شارەوانیەکەشت بێ لەو ئامانجانەی کە لە پلانی خوێندنەکەدا هاتووە، دەشێت ئامانجی خۆی هەبێت. لە شارەوانیدا کۆمیتەیەك و بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە کە بەرپرسیاری باخچەی منداڵانە. ئەدرێس و ژمارەتەلەفۆن لە کەتەلۆگی تەلەفۆن و لە ماڵپەرەکەیاندا دەست دەکەوێت.

هەموو باخچەیەکی منداڵانی ناو کەرتی شارەوانی دەبێت پێڕەوی پلانەکانی خوێندن بکەن. ئەم پلانە هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوە بەکاردەبردرێت کە بۆ نموونە هەرەوەزی دایکوباوکیی (familje-daghem) بۆی هەبێت باخچەیەکی منداڵان بۆ خۆی دابمەزرێنێت یان نا. پلانی خوێندنەکە هەروەها دەبێت ڕێنماییکارێك بێت بۆ باخچەی منداڵانی ماڵ (föräldrarkooperativ).

باخچەی منداڵان بە ڕێسا منداڵانێك دەگرێتە خۆی کە لە نێوان تەمەنی ١ تا ٥ساڵین.



"باخچەی منداڵان دەبێت بۆ هەموو منداڵێك
کە تیایدایە خۆش، دڵنیا و پڕفێربوون بێت."

دەرهێنراو لە پلانی خوێندن Läroplan, Lpfö 98



# هەنگاو بە هەنگاو لە فێربوونێکی ژیاندرێژدا

کاروباری باخچەی منداڵان دەبێت خەسڵەتی پێداگۆگیکێکی هەبێت کە چاودێریی، پەرستیاریی، پەروەردەکردن و فێرکردن پێکەوە بێن بە یەکەیەك. ئەمە بەو مانایە دێت کە باخچەی منداڵان کە هەیە بە پلەی یەکەم لەبەر خاتری منداڵەکەی تۆیە، هەروەها دەبێت ئەوەش بۆ تۆ وەك دایکوباوك شیاو بکات کە بتوانیت کار بکەیت یان بخوێنیت.

لە پلانی خوێندنەکەدا نووسراوە کە یاریکردن بۆ پێشکەوتن و فێربوونی منداڵەکە پێویستە. منداڵان دەبێت هەلیان بۆ بڕەخسێت خۆیان بە شێوەی جودا دەرببڕن، هەم خۆیان و هەم پێکەوە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا، بۆ نموونە لە ڕێگای گۆرانی، موزیك، وێنە، سەما، دراما، دوواندن و نووسینەوە. پێشکەوتنی زمانی منداڵ بوارێکی گرینگە لە باخچەی منداڵاندا. بۆ ئەو منداڵانەی کە زمانی دایکیان نە سوێدیە ئەوا باخچەی منداڵان بەرپرسیاریەکی تایبەتی لەسەر شانە.

دیموکراتی لە باخچەی منداڵان بناخەی کارە. منداڵان دەبێت فێربن کە ڕێز لە هاونرخیی هەموو مرۆڤەکان بگرن. کارمەندەکان دەبێت لە کاتی پلاندانانی کاری ڕۆژانەدا ڕەچاوی بۆچوون، ئارەزوو و ئەزموونی منداڵەکان بکەن.

باخچەی منداڵان هەروەها دەبێت دژایەتی ئەو ڕۆڵە نەریتیە بێت کە بە جنس دراوە و بایەخێکی گەورە بە پرسی ژینگە بدات.

# هەر باخچەیەکی منداڵان دانسکەیە

پلانی خوێندن دەبێت گەرانتی ئەوە بکات کە هەموو منداڵێك خاوەنی باخچەیەکی منداڵانی باش بێت باوەجودی ئەوەی کە لە کوێ دەژین. لەبەرئەوەی هەموو باخچەکانی منداڵان هاوپلانی خوێندنن ئەوا هاوئامانجیشن. بەڵام شێوەی کارکردنەکە دەشێت جیاواز بێت. پلانی خوێندن باسی ئەوە ناکات کە باخچەکانی منداڵان چلۆن کار بەرەو ئامانجەکان بکەن، ئەوە کاری کارمەندەکانە کە پێکەوە لەگەڵ منداڵەکان و دایکوباوکاندا دەبێت بیکەن. ئەوی کە بۆ باخچەیەکی منداڵ گونجاوە ڕەنگە لە دانەیەکی دیکەدا نەگونجێت. هیچ گرووپێکی منداڵ نییە کە وەك یەك بن.

شارەوانیی بەرپرسیارێتیە ناوچەیەکەی بۆ باخچەی منداڵان لەسەر شانە. تۆ دەتوانیت ڕوو لەوێ بکەیت گەر کێشەیەك پەیدا ببێت کە تۆ و کارمەندەکان یان بەڕێوەبەرایەتی باخچەکە نەتوانن پێکەوە چارەسەری بکەن.



”له باخچەی منداڵان دەبێت منداڵەکان گەورەساڵانێك ببینن کە هەموو هەلێکی منداڵ دەبینن.“

دەرهێنراو لە پلانی خوێندن Läroplan, Lpfö 98



# تۆ دەتوانیت کارتێبکەیت

لە پلانی خوێندندا نووسراوە کە کارەکانی باخچەی منداڵان دەبێت لە هاوکاریەکی نێزیك و جێمتمانەدا لەگەڵ خێزانەکان ڕوو بدات. لەبەرئەوە گرینگە کە تۆ لەگەڵ کارمەندەکاندا بدوێیت ئەگەر شتێك هەیە کە مەراقتە. دەرفەتێکی باش ئەو کاتانەیە کە منداڵەکەی تیادا بەجێدەهێڵیت و دەیبەیتەوە. ئەو کاتە دەبێت کارمەندەکان بۆت باس بکەن کە منداڵەکەت لەو ڕۆژەدا دۆخی چۆن بووە و هەڵسوکەوتی کردووە. تۆش دەتوانیت لە جێی خۆتەوە باس بکەیت ئەگەر ئەو بەیانیە یان لە خێزانەکەدا شتێکی تایبەتی ڕووی دابێت کە ڕەنگە باش بێت گەر کارمەندەکان ئاگایان لێبێت و بزانن. ئەگەر کاتەکە بەسی ئەوە نەکات کە قسەی وای تێدا بکرێت ئەوە دەتوانن کات بۆ ڕۆژێکی تر بۆ گفتوگۆ دیاری بکەن.

کارمەندەکان دەبێت کات بۆ گفتوگۆی پێشکەوتن (Utvecklingssamtal) ساز بکەن، و ئەو کاتە تۆ و ئەوان قسە لەسەر چۆنیەتی خۆشگوزەراندن و پێشکەوتنی منداڵەکەت و چۆنیەتی کاری باخچەکە دەکەن. پلانی خوێندنەکە دەتوانێت پشتگیریەکی باش بێت بۆ گفتوگۆکەتان.

کاتێك کارمەندەکان پلانی کار دادەنێن دەبێت ڕەچاوی بۆچوونەکانی تۆ و دایکوباوکانی دیکە بکەن. تۆ هەروەها دەتوانیت لەگەڵدا بیت و کاروبارەکە هەڵسەنگێنیت.

## ئایا دەتەوێت هەموو پلانەکانی خوێندن بخوێنیتەوە؟

پلاننامەکە لە هەموو باخچەیەکی منداڵان هەیە. تۆ دەتوانیت دانەیەك لە چاپخانەی
فریتزێس Fritzes förlag بۆ خۆت دەستوور بدەیت کە ژمارەی تەلەفۆنەکەیان
٠٨ -٦٩٠٩١٩٠ (08-690 91 90). پلاننامەکە هەروەها لە ماڵپەڕی سکۆلڤێرکت
(Skolverket) لە ژێر بەشی ”یاسا و ڕێسا“ Lagar och regler بە ئەدرێسی
www.skolverket.se دەست دەکەوێت.

Skolverket

www.skolverket.se